

مجلة
مێژووناسی
(المعرفة التأريخية)
مجلة تأريخية فصلية
العدد (2) صيف 2022، السنة الأولى
تصدرها مجموعة من المختصين بالتأريخ
بالتعاون مع جامعة جيهان
المدرسة الاخلاصية في بدليس، تم إنشاؤها من قبل الأمير شرفخان البدليسي، عام 1589.
مەدرەسەی ئیخلاسیە لە بەتلیس، ساڵی 1589 لە لایەن شەرەفخانی بەتلیسی دروستکراوە.
گۆڤاری مێژووناسی ژمارە (2) هاوینی 2022، ساڵی یەکەم
گۆڤاری
مێژووناسی
گۆڤارێکی مێژوویی وەرزییە
ژمارە (2) هاوینی 2022، ساڵی یەکەم
لەلایەن کۆمەڵێک لە پسپۆڕانی مێژوو
بە هاوبەشی لەگەڵ زانکۆی جیهان دەردەچێت
کاریگەری و هەژمونی شێخ مەحمود لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا
شرۆڤەکردنی بەڵگەنامەیەکی ئەمریکی (ساڵی 1973) لەبارەی پەیوەندی کوردو ئەمریکا
گەشتێکی مارك سایکس 1879 – 1919ی پیلان داڕێژەری نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە بەڵگەنامەیەکی دەوڵەتی عوسمانیدا
کاریگەرییەکانی ئاگر لە بواری بیناسازی لە وڵاتی دووڕوبار
السلطة وتدوين التاريخ في الإمبراطورية العثمانية بين القرنين 15_17م
دور الفساد المالي في سقوط الدولة الايوبية وفق نظرية ابن خلدون

# گۆڤـــاری مێــژوونـاسـی

## گۆڤارێکی مێژوویی وەرزییە

## ژمارە (2) هاوینی 2022، ساڵی یەکەم

---

**خاوەنی ئیمتیاز:** پ. د. ئەحمەد میرزا میرزا
**سەرنووسەر:** پ. د. حەکیم ئەحمەد خۆشناو
**بەڕێوەبەری نووسین:** د. فاخر عالی خانئاودەلی



**دەستەی نووسەران**

پ. د. فرسەت مەرعی
پ. د. عوسمان عەلی
پ. ی. د. مەهدی عوسمان هەروتی
پ. ی. د. شاخەوان عەبدوڵڵا سابیر
پ. ی. د. هەمزە کاکە یاسین
م. دیدار عوسمان

**دەستەی ڕاوێژکاران**

پ. د. موحسین محەمەد حسێن
پ. د. خەلیل عەلی موڕاد
پ. د. سەعدی عوسمان هەروتی
پ. د. فەوزیە یونس فەتاح
پ. د. ناسر مەلا جاسم
پ. د. هۆگر تاهیر تۆفیق
پ. د. عیماد عەبدولقادر سەعید
پ. د. کرڤان محەمەد ئەحمەد
پ. ی. د. زریان حاجی
پ. ی. د. دڵشاد عەزیز زاموا

گۆڤاری مێژووناسی
دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆک: سومەییە موورادی

ئیمەیل: Mejunasi@gmail.com
ژ. موبایل:
سەرنووسەر: 07504351005
بەڕێوەبەری نووسین: 07504468481
ناونیشانی گۆڤار: هەولێر- کورانی عەنکاوە - تەنیشت مزگەوتی حاجی یاسین بەقال

ئەو وتار و توێژینەوانەی کە لە گۆڤاری مێژووناسی بڵاودەکرێنەوە، گوزارشت لە ڕا و بۆچوونی نووسەرەکانیان دەکەن و دەستەی کارگێڕی گۆڤار لێی بەرپرس نییە.

## ڕێنماییەکانی بڵاوکردنەوە لە گۆڤاری مێژووناسی

- گۆڤاری مێژووناسی، گۆڤارێکی مێژوویی وەرزییە، وتارو توێژینەوەی تایبەت بە مێژووی کۆن، مێژووی ئیسلامی (سەدەکانی ناوەڕاست)، مێژووی نوێ و هاوچەرخ و بابەتی وەرگێڕدراوی مێژوویی بڵاودەکاتەوە.
- وتار و توێژینەوەکان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاودەکرێنەوە.
- لە نووسینی توێژینەوەکاندا پێویستە ڕەچاوی بنەماکانی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی بکرێت.
- وتار و توێژینەوەکاندا بە فۆنتی (یونیکورد گۆران) دەنووسرێت.
- بەکارهێنان و نووسینی سەرچاوەکان لەسەر شێوازی (شیکاگۆ) دەبێت و لە کۆتایی تەوەر و بەشەکاندا دادەنرێت.
- ناونیشانی سەرەکی وتار و توێژینەوەکان بە فۆنتی قەبارە (١٦) دەبێت، ناوی توێژەر و ناونیشانە لاوەکییەکان فۆنتی قەبارە (١٤)یان بۆ بەکاردەهێندرێت.
- ژمارەی لاپەڕەکانی هیچ وتار و توێژینەوەیەك لە (٢٠) لاپەڕە تێپەڕ نەکات.
- توێژینەوە و بابەتەکان لەڕێگەی ئیمەیلی گۆڤارەکە (Mejunasi@gmail.com) پێشكێش دەکرێن.
- توێژینەوەکان لەلایەن پسپۆڕی شارەزاوە هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت، دوای پەسەندکردنیان بڵاودەکرێنەوە.

### سەرنج و ئاگاداری:

بۆ هەموو توێژەرانی ماستەر و دکتۆرای بواری مێژوو، ئەو بەڕێزانەی ئارەزووی بڵاوکردنەوەی تاوتوێی ماستەرنامە و دکتۆرانامەکانیان هەیە، بە تایبەت ئەوانەی لە ساڵی ٢٢٠٢ بڕوانامەکانیان بە سەرکەوتوویی وەرگرتووە، ناونیشان و پوختەیەك لە نامە و تێزی ماستەر و دکتۆرانامەکانتان، لەگەڵ هاوپێچکردنی چەند وێنەیەکی ڕۆژی تاوتوێکردنەکەتان بۆ ئیمێلی گۆڤار بنێرن، بە خۆشحاڵییەوە لە گۆڤاری مێژووناسی بڵاودەکرێتەوە.

# پـێــرست


| | |
|---|---|
| کاریگەری و هەژمونی شێخ مەحمود لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا<br>(د. رەنجدەر محمد عزیز) | ٨ |
| شرۆڤەکردنی بەڵگەنامەیەکی ئەمریکی (ساڵی ١٩٧٣) لەبارەی پەیوەندی کوردو ئەمریکا<br>(پ.د. سەعدی عوسمان هەروتی) | ١٦ |
| گۆڕانکاریەکانی کەشوهەوا لەکوردستان، ولێکەوتەکانی لەسەدەکانی ناوەڕاست<br>(پ.ی.د.مەهدی عوسمان هەروتی) | ٢٥ |
| دیدی مەلا جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی سەبارەت بە فتوحاتی ئیسلامی لە کوردستان<br>(د.زریان حاجی) | ٧٢ |
| گەشتێکی مارك سایکس ١٨٧٩ – ١٩١٩ی پیلان داڕێژەری نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە بەڵگەنامەیەکی دەوڵەتی عوسمانیدا<br>(د. فاخر عالی خانئاودەلی) | ٨٨ |
| سدیق قادری یەکەم کوردە  بیرەوەریەکانی دەربارەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و شەڕی ناوخۆی ڕوسیا دەنووسێتەوە<br>(پ.ی. د. شاخەوان عبدالله صابر) | ٩٥ |
| لەشکرکێشی ئیمپراتۆرە ڕۆمەکان و  و سەرکردەسەربازییەکانی بۆ سەر شانشینی ئەدیابینێ و شاری ئەربێلای پایتەختی( ٦٩ پ.ز -٣٠٠ زاینی)<br>(ڕێزان قادر عەبدوڵلا ئاغا غەفوری) | ١٠٣ |
| ڕۆڵی زانستی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری بنەماڵەی  مەلا ئەفەندی و موفتی لە هەولێر، ڕەشاد موفتی بە نموونە<br>(مەغدید حاجی) | ١٢٣ |
| شار لە هزری ئیسلامیدا<br>(د.رسول ابراهیم رسول) | ١٣٢ |
| کاریگەری زانای ئەندازیار جەزەری(٥٣٠ك-١١٣٦ز/٦٠٠ك-١٢٠٦ز) لەسەر شارستانیەتی ڕۆژئاوا<br>(مەبەست بڕهان قادر) | ١٥٥ |
| ڕێکەوتنامەی نێوان کوپەنتا-کورونتا و مورشیلی (سی-تی-ئێیچ ٦٨ CTH 68)<br>(د. ئاسۆس محەمەد مەلا قادر) | ١٧٦ |
| کاریگەرییەکانی ئاگر لە بواری بیناسازی لە وڵاتی دووڕووبار<br>(رفیق رسول صوفی) | ٢٣٨ |

# الفهرس


| | |
|---|---|
| **السلطة وتدوين التاريخ في الإمبراطورية العثمانية بين القرنين ١٥ ـ ١٧م**<br>(أ . د . خليل علي مراد) | **٢٥٤** |
| **الفرق الباطنية الحديثة في التاريخ الإسلامي - القسم الأول**<br>(أ.د. فرست مرعي) | **٢٧٧** |
| **دور الفساد المالي في سقوط الدولة الايوبية وفق نظرية ابن خلدون**<br>(أ.م. د . حكيم عبدالرحمن زبير البابيري) | **٢٩٧** |
| **مقدمات حرب عالمية في أوروبا (٢٠٢٢)**<br>(أ.م.د. عبدالتواب أحمد الخياط) | **٣١٩** |

# ڕۆڵی زانستی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشەنبیری بنەماڵەی مەلا ئەفەندی و موفتی لە هەولێر، ڕەشاد موفتی بە نموونە

## مەغدید حاجی

هەردوو بنەماڵەی مەلا فەندی (1869 - 1942)و ڕەشاد موفتی (1912-1992) دەگەڕێنەوە سەر یەك چاوگی خێزانی، بۆیە ناتوانین لەیەکیان جیا بکەینەوە، بەتایبەتی لە ڕووی مێژووییەوە. ئەمانە یەکێکن لە بنەماڵە دێرینە زانست پەروەرەکانی کوردستان، پێگەیێکی ئاینی و کۆمەڵایەتی بەرزیان هەبووە، بە تایبەتی لەمێژووی شاری هەولێردا. باپیرە گەورەی ئەم بنەماڵەیە دەوروبەری (500) ساڵ پێش ئێستا لە سەردەمی شا ئیسماعیلی سەفەویدا (1486-1524) لە ڕۆژ هەڵاتی کوردستان، شان بەشانی بنەماڵەی زانستخوازی حەیدەریان، کۆچیان کردووەو هاتووون لە شاری هەولێرو دەوروبەری نیشتەجێبوون(1).

**مەلا ئەبوبەکری یەکەم (940-1030ك-1533-1688ز).**

باپیرە گەورەی ئەم بنەماڵەیە، کە هاتووە لە قەڵای هەولێر نیشتەجێبووە، یەك لە زانا ناودارەکانی سەردەمی خۆی بووە، ناوی تەواوی ئەبوبەکر کوڕی شێخ شەمسەدینی کوڕی شێخ شەهاب کوڕی مەلا خدر کوڕی مەلا ئەلیاسە. ئەم بنەماڵە زانستخوازە بە بەردەوامی و یەك لەدوای یەك دەستیان بە بڵاوکردنەوەی زانستەکانی ئاینی کردووە، لە ڕێگای وانەوتنەوەو وتاردان و نووسین و بڵاوکردنەوەدا.

ئەم بنەماڵەیە لە مزگەوتی گەورەی قەڵاتی هەولێر کە منارەکەی لەسەردەمی والی بەغدا نەجیب پاشا، لەساڵی 1261ك، بنیاد نراوەو تاکو ئێستا بە پێوە ماوەتەوە وخۆی ڕاگرتووە(2)، دەستیان بە تەدریس وتاداردان کردووە، لەماوەی ئەو(500) ساڵەدا، بەسەدان، ئەگەر بڵێین بە هەزارانیش، هەر ڕاستە، خوێندکارانی زانستە ئیسلامیەکان لە سەردەستی کەسایەتییە زاناکانیان مۆڵەتی زانستی و وانە وتنەوەو خوتبەدانیان وەرگرتووە. چوار کەسایەتی ئاینی ناوداری ئەم بنەماڵەیە ناویان (ئەبوبەکر) بووە، دواهەمینیان ئەبوبەکر ئەفەندی ناسراو بە مەلا فەندی ( 1869-1942) بوو(3) دووەمین و سێیەمین (ئەبو بەکر)یش ئەمانەن:

- **ئەبوبەکر کوڕی مەلا عومەر نەوەی ئەبو بەکری یەکەم،** لەساڵی (1068ك- 1657ز) لە هەولێر لەدایکبووە. یەك لەو زانایانەیە کە مامۆستا زوبیر بلال ئیسماعیل لە کتێبی ( علماء ومدارس في اربيل) لەسەری نوسیووە، باس لە زانایی خۆی و مەلا عوسمانی کوڕی دەکات. لە ساڵی (1138ك -1725 ز) کۆچی دوایی کردووە.
- **ئەبوبەکر کوڕی عوسمان کوڕی ئەبوبەکر نازناوی ( کچك مەلا) بووە،** چونکە لە ماوەیەکی زۆر کورت مۆڵەتی زانستە ئایینەکانی وەرگرتووە، لە ساڵی (1192ك- 1778ز) لە قەڵای هەولێر لەدایکبووە و لە ساڵی(1272ك- 1855ز) لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە. سێ کوڕی هەبووە (عوسمان، عەلی ، عومەر) ئەمانە لە دوای نەمانی باوکیان یەك لەدوای یەك ئەرکی وتاردان وانە وتنەوەو مۆڵەتدانیان بە پیاوانی ئاینی جێبەجێ کردووە.
- چوارەمین ئەبوبەکر، زانای ناوداری هەولێر و کوردستان، مەلا ئەفەندییە کەلە ساڵی 1869ز، لە قەڵاتی هەولێر لەدایکبووە، ناوی تەواوی ( ئەبوبەکر کوڕی عومەر کوڕی ئەبوبەکر)ە، زانای کەم وێنەی سەردەمی خۆی بوو. بەسەدان زانای بەڕێزو ناودار لەسەر دەستی بڕوانامەی مەلایەتی وتاردان و زانستیان وەرگرتووە، لەلایەن سوڵتانی عوسمانی نیشانەی (خادم الحرمين الشريفين)ی پێدراوە. هەروەها لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ( ویسامی رافیدین)ی پێ بەخشراوە. (مەلا فەندی) لە ڕێکەوتی 31 کانونی

یەکەمی 1942 لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە، لە گۆڕستانی تایبەت بە بنەماڵەکەیان لەگوندی باداوەی نزیك هەولێر بەخاك سپێردراوە. مەلا فەندی خاوەن پێگەێکی ئاینی، زانستی، کۆمەڵایەتی و سیاسی بووە، لەلایەن کاربەدەستانی عێراق و کوردستان و خەڵك و ناوداران بەگشتی جێگای ڕێز بووە (4).

**بنەماڵەی موفتی لە هەولێر**

مەلا ئەبوبەکری سێیەم (کچك مەلا) کەلە زاناکانی سەردەمی خۆی بووە، (1778-1855ز) کە نۆیەمینی زانای ناودار بووە لە زنجیرەی بنەماڵەکەیان، سێ کوڕی زانای لە پاش بەجێماوە.

1. حاجی عومەر ئەفەندی کوردی ئەربیلی (1814-1891ز) باوکی مەلا ئەفەندی.
2. مەلا عوسمان ئەفەندی(1826-1879ز).
3. شێخ محەمەد عەلی ئەلحسامی( 1825-1889ز)، ئەمەیان تاکو کۆچی دوایی کردووە موفتی هەولێر بووە. شێخ جەمیل موفتی کوڕیشی (1878-1919ز) تاکو کۆچی دوایی کردووە، موفتی هەولێر بووە . ئەو شێخ جەمیلە دەوڵەمەند بووە، زۆر گوندی هەبووە، لەساڵەکانی یەکەمین شەڕی جیهانیدا بە تایبەتی لەکاتی گرانی گەورە(5) یارمەتی هەژارانی زۆر داوە و لە مەترسی مردن بەهۆی برسێتی ڕزگاری کردوون لەقەبی (موفتی) ئەم بنەماڵەیەش لەم دوو کەسایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە، (شێخ محەمەد عەلی حسامی وشێخ جەمیل موفتی).

مەلا عوسمان ئەفەندی (1826-1879ز) کوڕی دووەمی مەلا ئەبوبەکری سێیەمە، لەدوای باوکی لە مزگەوتی گەورەی قەڵا دەستی بەوتاردان و وانە وتنەوە کردووە . هەروەها بە حاکم دامەزراوە لە دادگای سزاکانی موسڵ. لەدوای کۆچی دوایی مەلا عوسمان، مەلا محەمەد موفتی ئەفەندی(1886-1946) جێگای گرتۆتەوە. لەسەر دەستی زانای ناودار حاجی عومەر ئەفەندی مامی خوێندوویەتی و مۆڵەتی زانستی وەرگرتووە. زمانەکانی عەرەبی وکوردی وتورکی وفارسی باش زانیوە، شیعری جوانی بەم زمانانە نووسیووە. مۆڵەتی ڕێبازی نەقشبەندی لەسەردەستی شێخ حسامەدینی تەوێڵە وەرگرتووە. مەلا محەمەد موفتی لەدوای ئەوەی لە موسڵ خولێکی زانستی ئاینی تەواو کردووە و لە ناو (70) بەژداربووی خولەکەدا لەیەکەمەکان بووە. دوای ئەم خولە بە مامۆستا (مدرس) لە هەولێر دامەزراوە، دواتریش بەموفتی هەولێر دامەزراوە (6) ویسامی زانستی ئیسلامی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی پێشکەش کراوە. لە زانستەکانمی وەك تەفسیر وفەرموودەکان وفقە وزانستی کەلام ومەنتیق شارەزابوو(7).

**ڕەشاد موفتی 1912-1992**

ڕەشاد کوڕی محەمەد کوڕی عوسمان کوڕی ئەبوبەکری سێیەم ( کچك مەلا)ە . ساڵی 1912 لەقەڵای هەولێر لەدایك بووە (8) بنەچەی دەگەڕێتەوە سەر بنەماڵەیەکی دێرینی زانست پەروەر لەشاری هەولێردا لەقەڵاتی هەولێر لەدایك بووە قەڵاش یەك لەگەڕەکە دێرینەکانی هەولێرە لەهەردوو سەدەی 19-20،بەڵام لە چاخە دێرینەکاندا هەموو شاری هەولێر بریتی بووە لە قەڵا.ڕەشاد موفتی خوێندنی سەرەتایی لەهەولێر تەواو کردووە.

هەر لەساڵی 1924دا لەسەردەستی باوکی ومەلا ئەفەندی ئامۆزای باوکی لەمزگەوت ولە تەکیەی گەورەی قەڵا دەستی بە خوێندنی زانستەکانی (صرف، مەنتیق و بیان وبەدیع ومعانی) کردووە. لەساڵی 1934 داپەیوەندی بەزانکۆی ئەزهەر کردووە لە میسر. دوای دوو ساڵ خوێندنی لەئەزهەر تەواو کردووە گەڕاوەتەوە بۆ شاری هەولێر و باوکی مۆڵەتی پێداوەو ودەستی بە وتنەوەی وانەکانی زانستی ئاینی کردووە. لەساڵی 1956 مامۆستا ڕەشاد بە قازی ( دادوەری شەرعی) لە شاری کەرکوك دامەزراوە.دوایی گوازراوەتەوە بۆ شاری سلێمانی. لە کۆتایی ساڵی 1957 دا گەڕاوەتەوە بۆ شاری هەولێر بۆتە قازی

شەرعی لەو شارە تاکو خانەنشین بوونی لە ساڵی 1978. لەو ماوەیەدا (22) ساڵ دادگای تێهەڵچوونەوەی عێراق هیچ یەك لە بڕیارەکانی قازی ڕەشاد موفتی ڕەتنەکردۆتەوە(9). مامۆستا ڕەشاد سەرەڕای پیشەی قازی شەرعی، هەموو ڕۆژانی هەینی وتاری هەینی لەمزگەوتی قەڵا بە زمانی کوردی پێشکەش کردووە (10).

**نووسینەکانی مامۆستا ڕەشاد موفتی**

مامۆستا ڕەشاد وەکو نووسەریش، لە ژیانیدا زۆر کتێب وتارو بابەتی بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە بوارەکانی ئاینی وئەدەب وڕێزمان وفەلسەفەدا نووسیوە، بەڵام تەنیا سێ بەرهەمی لە ژیانیدا بەچاپ گەیاندووە، (15) دەستنووسی لە پاشی بەجێماوە.

**کتێبەچاپکراوەکانی**

1- مەولود نامە بە شیعر،بەزمانی کوردی دایناوە ، لە ساڵی 1961 لە چاپخانەی کوردستان لە هەولێر چاپکراوە.
2- کتێبی (تحفة الاصفیاء في التوسل بالانبیاء وراحة الابدان في صوم رمضان) لە ساڵی 1950 لە چاپخانەی (الاتحاد الجدید) لە موسڵ چاپکراوە.
3- گوڵدەستەی ستایشی پێغەمبەر،وەرگێڕانی قەسیدەیەکی(البردة) یە، لە عەرەبییەوە کردوویە بەکوردی لە سەر وەزن وقافیەی خۆی، لەساڵی1973 لە چاپخانەی کوردستان لە هەولێر چاپکراوە ( 11).

**نامەو کتێبە دەستنووسەکانی کە تاوەکو ئێستا چاپنەکراون(12).**

1. الاسراو والمعراج ، بەزمانی کوردی.
2. فەلسەفەی ژیان ومردن،بەزمانی کوردی.
3. ئیسماعیل نامە،شیعر بەزمانی کوردی.
4. عبا نامە،شیعر بەزمانی کوردی.
5. سبائك الاملا في سلسلة جدى کجك ملا، ،بەزمانی عەرەبی.
6. السعادة الابدیة في الطریقة النقشبندیة ،بەزمانی عەرەبی.
7. ژیاننامەی شێخ حسامەدینی نەقشەبەندی،بەزمانی کوردی.
8. ژیاننامەی شێخ عەبدوالقادری گەیلانی،بەزمانی کوردی.
9. ژیاننامەی شێخ مەعروفی کەرخی، بەزمانی کوردی.
10. ژیاننامەی شێخ نورەدینی بریفکانی، بەزمانی کوردی.
11. ژیاننامەی شێخ ئەحمەدی بەدری،بەکوردی.
12. دیوان شیعر،بەزمانەکانی عەرەبی وکوردی تورکی و فارسی.
13. کۆمەڵێك وتاری ڕۆژانی هەینی،بەهەردوو زمانی کوردی وعەرەبی.
14. مێژووی مزگەوتەکانی هەولێر، بەزمانی عەرەبی.
15. کۆمەڵێك وتاری ئاینی (13).

مامۆستا ڕەشاد موفتی، لە دوای کۆچی دوایی باوکی، جگە لەوەی دەستی بەوانە وتنەوەی زانستەکانی ئیسلامی کردووە لەمزگەوتی گەورەی قەڵا، بەئەرکی وتار پێشکەش کردن و ئامۆژگاری و ڕێنیشاندانی موسڵمانان هەڵساوە. زیاتر لە (40) ساڵ خوتبەی لەمزگەوتی گەورەی قەڵا پێشکەشکردووە. مامۆستا ڕەشاد لە ساڵی 1970 چۆتە حەج ویەکەمین حاجی کورد بووە بە زمانی کوردی مەراسیمی حەجکردنی

جێبەجێکردووە(14). هەروەها هەر لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو مەولود نامەی بەزمـانی کـوردی داناوە و چاپی کردووە(15)، تاکو ئێستا مەولود نامەکەی دەخوێندرێتەوە و لە سەرەتاکەیدا دەفەرموێ.

((بەو زمانی کوردییەی شیرین زمان
بەحسی فەخری هەردوو عالەم کەم بەیان
با نەڵێن کوردی نییە مەدحی نەبێ
من وەهام نووسی کەس قسەی نەبێ)) (16).

مامۆستا ڕەشاد موفتی،جگە لە لایەنی ئاینی وپیشەی قازی شەرعی،لە ژیانیدا مرۆفێکـی کـۆمەڵایەتی وڕۆشەنبیر وشاعیر و زمان زان بوو، زمانەکانی کوردی، عەرەبی، تورکی وفارسی بـاش زانیـوە. ئەدیبێکـی زمان پاراو وشاعێرێکی بەتوانا بوو، هەمیشە هەوڵی ئەوەی دەدا لە ڕیزی نووسەرو ئەدیبانـدا خەبـات بکـات وقەلەمەکەی بۆ بەرژوەندی گشتی میللەتەکەی بەکار بێنێت.بەگوێرەی شیعرەکانی مامۆستا ڕەشاد وبە پێی ئەو کەش وهەوایەی تێیدا ژیـاوە، زۆربەی شـیعرەکانی ستایشـی ئـاینی بـوون. مامۆسـتا کەریـم شـارەزا (1927-2015) دەڵێ(( مامۆستا ڕەشاد کوڕی محەمەد عوسمان موفتی زانـای ئـاینی و شـاعیر بـووە ، هەر بـۆیە لە تەمەنی هەرزەکاریدا حەزی لە شیعر دانان کردووە. لە شیعرێکیدا کە بەسـەر ( کـانی) شـاعیردا هەڵـی داوە، دەڵێت:

(( (کانی) لەبەر ئەشعاری سوخەن سەرنج وئەدیبە
قەولی هەموو پڕ لەزەت و زۆر خۆش و لەبیبە
هەر شیعرێ کە دەیڵێت و دەیخوێنێتەوە بۆ خەڵك
گوێ دەگرن و دەیڵێنەوە شیعرێکی غەریبە
ئەم سوحبەتەی کردم شەو جومعە لە حزوورت
عەفوم بکە زۆر مەقسەدە بۆ ڕەغمی ڕەقیبە
شیعری تۆ حەشەندی نییە وەك شەکرو نەباتە
پڕ مەعنە وپڕ نوکتە ودڵخواهی حەبیبە
خوارزای تۆ ( ڕەشاد)م مەڵێ شاعیر نییە بڕوا
حەددم نییە وەك تۆ بم و هەندەم بە نسیبە(17).

مامۆستا ڕەشاد موفتی ئەندامی یەکێتی نووسرانی کوردو ئەندامی هاوکاری کـۆڕی زانیـاری عێـراق/ دەسـتەی کـورد بـوو، هەروەهـا ئەنـدامی کـۆمەڵەی ڕۆشـەنبیری کـورد بـوو. ئەنـدامی فەخـری کـۆمەڵەی مافپەروەرانی عێراق بوو. ئەندامی ئەنجومەنی زانستی ئەوقاف بووە لەهەولێـر لەدوای شـۆڕی 14 تەمـوزی 1958. سـەرۆکی ئەنجـوومەنی زانسـتی نـاوچەی ئۆتۆنـۆمی بـووە لە هەفتاکانـدا، هەروەهـا لە هەشـتاکاندا ئەنـدامانی کـۆڕی زانسـتی هەولێـر بـوو (18). مامۆسـتا ڕەشـاد مـوفتی وەکـو کوسـایە تییەکـی ئـاینی، ڕۆشەنبیر،کۆمەڵایەتی، هەستی نیشتمانپەروەری و کوردایەتی بەرزبوو، ئەوەندەی پێی کرابێت لە بەرژوەندی میللەتەکەی وتاری باشی پێشکەش کردووە،قسەی خێری بـۆ بەرژوەنـدی گشـتی کـردووە، داکـۆکی لە خەڵکـی شارەکەی کـردووە. لە سـاڵی 1962دا لە سـەردەمی شۆڕشـی ئەیلـول، ژمارەێـك ئـافرەتی شـار دەگیـرێن، کە هەنـدێکیان مامۆسـتای قوتابخـانەی ئە یـوبیەی کچـان بـوون. کە ئەم هەواڵە بە مامۆسـتا ڕەشـاد مـوفتی قـازی گەیشت، ئێوارە بوو کاتی دەوام نەبوو، یەکسەر بەرەو یانەی فەرمانبەران دەچێت، چـونکە دەیزانـی بەدرەدیـن عەلی پارێزگاری ئەوکاتی هەولێر لەوێ دانیشتووە، کە بەدرەدین عەلـی چاوی بە ڕەشـاد مـوفتی دەکەوێـت ، یەکسەر دەڵێت (( قازی ونـادی))؟ ڕەشـاد مـوفتیش یەکسـەر وەڵامـی دەداتەوە دەڵـێ (( ئەدی پارێزگـار و ژن

گرتن))؟، كە ڕەشادە فەندی هەواڵەكە بە بەدرەدین عەلی ڕادەگەیێنێت دەڵێ: بەریان دەدەم. مامۆستا ڕەشاد دەڵێ (دەمەوێ ئێستا بەر بدرێن پێشی من بگەنەوە ماڵەكانیان)، بەدرەدین عەلی یەكسەر تەلەفۆن بۆ بەڕێوبەری پۆلیس دەكات وفەرمانی پێدەكات كە ئێستا ئەو ژنانە بەربدەن)) (19).

**كتێبخانەو دیوەخانەكەی مامۆستا ڕەشاد موفتی**

خاڵێكی دیكەی گەش لە ژیانی ڕەشاد موفتیدا، كتێبخانەو دیوەخانەكەی بوو، مامۆستا لە ماڵەكەی خۆیدا سەرەتا لە قەڵای هەولێر ودوایی لە حەفتاكان و هەشتاكان وتاوەكو ئێستا ماڵەكەی لەگەڕەكی عارەبی نوێ بەرامبەر مزگەوتی ( محمود علاف) بریتییە لە كتێبخانەیەكی گەورەو دیوەخانی ڕۆشەنبیران وپیاوانی ئاینی وكاسبكارانی شار . ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە بۆ بنەماڵەكەیان تاكو ئێستا ئەم دیوەخانەو كتێبخانەیان وەكو خۆی پاراستووە. لە كتێبخانەكەدا نزیكەی (3000) كتێبی زانستی ئاینی ومێژوویی وكۆمەڵایەتی ورۆشەنبیری وبەڵگەنامەو دەستنووس پارێزراون، بەشێك لە كتێبەكانی ئەم كتێبخانەیە كاتی خۆی لە چاپخانەی بولاق لەمیسر چاپكراون، تاكو ئێستاش ژمارەیەكی زۆر لە توێژەران سوودیان لەم كتێبخانەیە وەر گرتووە، بەتایبەتی قوتابیانی ماستەر ودكتۆرا. تاكو مامۆستا ڕەشاد لە ژیاندا مابوو هەموو ئێواران دیوەخانەكەی گەرم بوو ، بەگوێرەی قسەی (كەنعان موفتی) یەك لە كوڕە بەڕێزەكانی مامۆستا ڕەشاد موفتی، ڕۆژنامەنووس عەبدولغەنی عەلی یەحیا (1943-2019) كە بەردەوام هاموشۆی دیوەخانە ڕۆشنبیریەكەی ڕەشاد موفتی دەكرد، پڕۆژەی كتێبێكی ئامادە كردبوو بۆ چاپ بەناونیشانی(3000) ڕۆژ لە دیوەخانەكەی موفتی. ئەم كتێبە چاپ نەكراوە.

مامۆستا ڕەشاد موفتی سەر لە بەیانی ڕۆژی 12 ئەیلولی 1992 كۆچی دوایی كردو هەواڵی كۆچی جوایی هەر زوو بە شارەكانی كوردستاندا بڵاوبووەوە. ئەو بەیانییە زۆربەی دوكانەكانی ناو بازاڕی شار بە تایبەتی بازاڕی قەیسەری دەرگاكانیان داخست خاوەن دوكانەكان وخەڵكی شار، هەروەها بەرپرسانی حزبی وحكومە هەموو لا بەشداربوون لە مەراسیمی بەخاك سپاردنی پیاوە ئاینییە ناوەدارەكەی هەولێر وكوردستان. دوا مەنزڵگای ئەم كەسایەتیەی هەولێر گۆڕستانی تایبەتی بنەماڵەكەیان بوو لە ( باداوە) كە پێشان گوند بوو، بە باداوەی مەلا ئەفەندی ناسرابوو، ئێستا یەكێكە لە گەڕەكە میللیەكانی ڕۆژ هەڵاتی شاری هەولێر.

**پەراوێزو سەرچاوەكان**

1. زبیر بلال اسماعیل، من التراث الثقافي الكردي علماء ومدارس في اربیل، مطبعة الزهراء الحدیثة، موصل ، 1984، ص 27. شا ئیسماعیلی سەفەوی، كە لە تەورێز تاجی شاهانەی لەسەر نراوەو بۆتە شای ئێران وشیعەگەرێتی كردۆتە مەزهەبی ڕەسمی دەوڵەت و بەخورتی وتوندڕەوی خەڵكی ئێرانی ناچار كردووە بچنە سەر ئەم مەزهەبە، ژمارەیەكی زۆریشی لەگەورە زانایانی نەیارەكانی كوشتووەو وكتێبەكانیشی سووتاندوون، ناچار ژمارەیەكی زۆریش لەوانەی نەچوونەتە ژێر فەرمانی بۆ ناوچە وشوێنی دوور لە دەسەڵاتی كۆچیان كردووە.
2. هەمان سەرچاوەی پێشوو.
3. بۆ ساڵی لە دایك بوون وكۆچی دوایی مەلا ئەفەندی پشتم بە درەختی بنەماڵەكەیان بەستووە، بە سوپاسەوە كاك كەنعان موفتی لە 18 ئاداری 2022 بۆی ناردووم.
4. بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی ژیانی مەلا ئەبوبەكر ئەفەندی (مەلا ئەفەندی) سەیری ئەم سەرچاوانە بكەن:
   أ. جمال بابان، اعلام كرد العراق، ج 1، 2006.

ب. زبير بلال اسماعيل، علماء ومدارس في اربيل.

ج. فاخر عالی خانئاودەلی، ڕۆڵی زانایانی ئاینی لەژیانی سیاسی هەولێر 1945-1975، هەولێر 2014 .

د. ئینسكلۆپیدیای هەولێر،بەرگی 10، كەسایەتییە ناودارەكان.

5. زانیاری تۆماركراو لەسەر درەختی بنەماڵەی موفتی كاك كەنعان موفتی لە18 ئادار 2022 بۆی ناردووم.
6. زبير بلال اسماعيل، سەرچاوەی پێشوو، ل 35-36.
7. زانیاری لە بنەماڵەی موفتی وەرگیراوە.
8. مێژووی ڕاستەقینەی لە دایكبوونی (1912) یە،ئەوەی بەخۆی بۆ مامۆستا جەمال بابانی نوسیووە لە پەیوەندیشم لەگەڵ كاك كەنعان موفتی لە 18 ئاداری 2022 ئەم مێژووەی سەلماند،بەڵام لە سجلاتی نفوس بەساڵی 1915 تۆماركراوە. یان دەبێ سێ ساڵ خۆی گچكە كردبێتەوە. بڕوانە:جمال بابان ،اعلام كرد العراق، سەرچاوەی پێشوو- ل 313.
9. ئەم زانیاریەم لە ئەرشیفی بنەماڵەی ڕەشاد موفتی لە ڕێگای كاك كەنعان موفتی بەدەست گەیشتووە.
10. جمال بابان، سەرچاوەی پێشوو،ل 313.
11. هەمان سەرچاوەی پێشوو.
12. ئینسكلوپیدیای هەولێر، بەرگی (10) چاپی یەكەم،چاپخانەی گرین كالوری-لبنان، ل4557.
13. هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل 4557..
14. ئەو زانیاریەم لە كاك كەنعان موفتی وەرگرتووە لەڕۆژی 18 ئاداری2022.
15. سەید مەولود بێخاڵی ،هەولێرم وادیوەو وا بیستووە وا سەرچاوەی گرتووە، بەرگی چوارەم، هەولێر،2010،ل 215.
16. ئینسكلوپیدیای هەولێر،بەرگی (10) ل 4559.
17. هەمان سەرچاوەی پێشوو،جێگای ئاماژە بۆ كردنە ئەم بابەتە یەكەمجار لە گۆفاری ( بارش) ژمارە (5)بڵاوكراوەتەوە.
18. ئینسكلوپیدیای هەولێر،هەمان سەرچاوەی پێشوو.
19. ئەم زانیاریانەم لە كاك كەنعان ڕەشاد موفتی لە 18 ئاداری 2022 وەرگرتووە. هەروەها هەندێ زانیاری ترو سەلماندنی هەندێك بۆچوونم بەهۆی پەیوەندی كردن ڕۆژی 18 ئابی 2022 لە ناوبراو وەرگرت.


علماء أسرة كچك ملا
الخطباء الأئمة المدرسون ولهم جهة الفتوى في كوردستان. وكانوا ذوي الجناحين في علمي الظاهر والباطن في الجامع الكبير في قلعة اربيل منذ حوالي (٥٠٠) سنة. وهم شافعيوا المذهب.. نقشبنديوا الطريقة
(١) الملا الياس
رأس الاسرة
العالم المدرس الخطيب الامام المتصوف
(٨١٠ – ٨٩٠) هـ - (١٤٠٧ – ١٤٨٥)م
(٢) الملا خضر
العالم المدرس الخطيب الامام المفتي المتصوف
(٨٤٢ – ٩١٢) هـ - (١٤٣٩ – ١٥٠٦) م
(٣) الشيخ شهاب الدين
الشيخ العالم الخطيب الامام المدرس المفتي المتصوف
(٨٧٠ – ٩٤٠) هـ - (١٤٦٥ – ١٥٣٣) م
(٤) الشيخ شمس الدين
الشيخ العالم الخطيب الامام المدرس المفتي المتصوف
(٩٠٠ – ٩٧٠) هـ - (١٤٩٤ – ١٥٦٢) م
قيل عن علماء الجامع الكبير ومدرستهم الدينية
لله در الذكريات بجامع
عند الضحى والظهر والظلماء
أبقت بسمع الدهر كل ملحة
محمودة في السرد والاصغاء
حقب مضت من خمسمائة حجة
وهم هم في الدرس والافتاء
طلاب علم قد أتوه وانهم
من سائر الانحاء والارجاء
يبقون حتى يمنحون اجازة
ولهم من الاطعام والاكساء
وعلى الرؤس عمائم الفخر التي
دانت اليها امرة الأمراء
فترى الكتاب على الوساد وعالم
يعطي الدروس لمجمع الفقهاء
مغبرة الاوراق الا أنها
تحوي تراث الأمة السمحاء
من كل علم في الدروس مناهج
جمعت بطي صحائف الصفراء
فلهم بعلم القال أعظم راية
ولهم بعلم الحال أي لواء
متصوفون بعيد علم منقن
حتى يزيدوا الروح في الاذكاء
بل نقشبنديون في أورادهم
يتذاكرون بجهرة وخفاء
آه على تلك السنين وأهلها
زانوا كتاب المجد كالطغراء
هل في الليالي أن تجود بمثلهم
ملح الانام وليس ملح اناء
يا مجد آباء حوى كل السنا
في جبة وعمامة بيضاء
من شعر: عثمان رشاد المفتي
(٥) الملا ابوبكر الأول
الخطيب المدرس الامام المفتي المتصوف
(٩٤٠ – ١٠٣٠) هـ - (١٥٣٣ – ١٦٢٠) م
(٦) الملا عمر المدرس
الخطيب المدرس الامام المفتي المتصوف في جامع القلعة الكبير في اربيل
(١٠١٠ – ١١٠٠) هـ - (١٦٠١ – ١٦٨٨)م
(٧) الملا أبوبكر الثاني
الخطيب المدرس الامام المفتي المتصوف في جامع القلعة الكبير
(صاحب الفرمان العثماني)
(١٠٦٨ – ١١٣٨) هـ (١٦٥٧ – ١٧٢٥)م
(٨) الملا عثمان الأول
الخطيب المدرس الامام المفتي المتصوف في جامع القلعة الكبير في اربيل
(١١٢٢ – ١٢١٠) هـ (١٧١٠ – ١٧٩٥)م
(٩) الملا ابوبكر الثالث
(الشهير بـ كچك ملا)
من اكابر علماء عصره، وهو المدرس والخطيب والامام المفتي المتصوف. اخذ الطريقة من مولانا خالد النقشبندي وكان المرجع الديني والاجتماعي. تقصده الولاة لحل المشاكل السياسية في المجتمع الكوردي
(١١٩٢ – ١٢٧٢) هـ ١٧٧٨ – ١٨٥٥) م
(١٠) الملا عثمان افندي
الخطيب المدرس الامام المفتي المتصوف ومن ثم حاكم الجزاء في الموصل. حيث قام بتسجيل جميع املاك الوقف لجامع النبي يونس في سجلات خاصة بالوقف ولأول مرة حفظا عليها من الضياع
كتب على قبره
(١٢٤ – ١٢٩٧) هـ (١٨٢٦ – ١٨٧٩) م
(١٢) الشيخ محمد علي الحسامي المفتي
الخطيب المدرس الامام المتصوف في جامع القلعة الكبير في اربيل. كان مفتي اربيل حتى وفاته. وهو مؤلف كتاب سراج الطالبين. ومن مؤلفاته كتاب الكشكول الذي وثق احداث مهمة في عصره.
(١٢٤١ – ١٣٠٧) هـ - (١٨٢٥ – ١٨٨٩) م
(١١) الحاج عمر افندي الكوردي الاربيلي
من اكابر علماء عصره الخطيب المدرس الامام المفتي المتصوف التقى برؤساء العلماء في الشام ومصر ومنحه مفتي مكة الشيخ احمد بن زيني دحلان الاجازة العلمية عند زيارته للحج
(١٢٨٦ – ١٣٠٩) هـ / (١٨١٤ – ١٨٩١) م
كتب على قبره
(١٥) الملا محمد افندي المفتي
العالم الشاعر الخطيب المدرس الامام المفتي المتصوف في جامع القلعة الكبير في اربيل كان مفتي اربيل حتى وفاته
كتب على قبره
(١٢٨٥ – ١٣٦٥) هـ - (١٨٦٩ – ١٩٤٥) م
(١٣) الشيخ جميل افندي المفتي
الخطيب المدرس الامام المفتي المتصوف في جامع القلعة الكبير في اربيل. مفتي اربيل حتى وفاته. انقذ الفقراء ايام المجاعة الكبرى عام ١٩١٧ وكان يطعمهم بيده وشيعه فقراء المدينة ووجهائها. وكان صهر الشيخ حسام الدين النقشبندي. اشتهر بالاعتكاف.
(١٢٩٥ – ١٣٣٨) هـ - (١٨٧٨ – ١٩١٩)م
(١٤) الملا ابوبكر الرابع (ملا افندي)
والشهير ايضا بـ (كچك ملا) تيمنا باسم جده
علامة زمانه ونادرة عصره. الخطيب المدرس الامام المفتي المتصوف في جامع القلعة الكبير في اربيل تخرج عليه المئات من العلماء الافاضل حاز على وسام الرافدين من الحكومة العراقية لعلمه وفضله ومكانته الرفيعة. ذكره المؤرخون والرحالة باكبار واجلال
(١٢٨٢ – ١٣٦١) هـ / (١٨٦٩ – ١٩٤٢)
(١٧) رشاد المفتي
الخطيب المدرس الامام المفتي المتصوف في جامع القلعة الكبير في اربيل. تخرج عليه عدد من العلماء. حاز على الشهادة العلمية من الجامع الازهر في القاهرة وتولى منصب القضاء في اربيل ورئيس المجمع العلمي لمنطقة كوردستان للحكم الذاتي وعضوا مؤازرا في المجمع العلمي العراقي والعضو الفخري في جمعية الحقوقيين العراقيين. مجدد احياء المولد النبوي الشريف. كتب على قبره
ستون عاما والمحافل تزدهي
بخطيبها وخلاصة الاباء
(عثمان) ارخ ان اتيت مقامه
بمقالة تسمو عن الانشاء
ليكمل التاريخ فيه (بحكمي)
قد طاب مثوى زينة العلماء
(١٣٣٥ – ١٤١٣)هـ - (١٩١٥ – ١٩٩٢)م
(١٦) عزالدين الملا
الخطيب المدرس الامام في جامع القلعة الكبير في اربيل. تخرج عليه عدد من العلماء. انتخب نائبا في مجلس النواب العراقي ثم وزيرا للدولة حتى قيام ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨
(١٣٢٦ – ١٤١٩) هـ - (١٩١٧ – ١٩٩٨)م
تنظيم وترتيب: عثمان رشاد المفتي/ من مصادر متنوعة وموثوقة – أربيل / شباط / ٢٠٠٧